# فەرخ و ستێ
## «لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی»

د.زرار سدیق تۆفیق
(زانکۆی دهۆک - کۆلێژی ئاداب)

### دەروازە

بەسەرهاتی فەرخ و ستێ، یان شێخ فەرخ و خاتوو ئەستێ، یەکێکە لەو بابەتە بەپێزە فۆلکلۆرییانەی کە لەسەر بنەمای ڕووداوێکی ڕاستەقینە بنیادنراوە و وەک ئاوێنەی لاپەڕەیەکی دێرینی سەربوردەی کۆمەڵگای کوردەواری، لە مێژەوە بووەتە گەنجینەیەکی میللی و لە ناوچەگەلێکی کوردستاندا دەماودەم گێڕدراوەتەوە و بڵاوبووەتەوە و سەدان ساڵە بەیتبێژان و حیکایەتخوانان لە بۆنە و کۆڕ و شەوبێرییەکاندا خوێندوویانەتەوە و گوێگرانی تامەزرۆیان سەرسام کردووە.

لایەنێکی هەرە گرنگ و پڕ بایەخی فەرخ و ستێ(١) لەوەدایە کە بەپێچەوانەی زۆربەی بەیت و بەسەرهات و داستان و چیرۆکە میللی و فۆلکلۆرییەکانی دیبەوە، سنووری ناوچەیی و لۆکاڵی بەزاندووە و لە سەرتاپای کوردستاندا بڵاوبووەتەوە و ڕوخسار و مۆرکێکی تەواو نەتەوەیی وەرگرتووە، بەمەش خەڵکی سەرجەم هۆز و ناوچەکان پێی ئاشنابوونە و کاری لێکردوون، تا ئەو ڕادەیەی لەیادیان نەکردووە و بۆ یەکدییان گێڕاوەتەوە، بێ گومان ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەم بەسەرهاتە بۆ سەردەمانێکی دێرین دەگەڕێتەوە کە کورد هێشتا خودانی یەکێتیی ڕۆشنبیری و کولتووریی خۆی بووە.

ئەم بەسەرهاتە کە ناوەڕۆکەکەی بریتییە لە چیرۆکێکی خۆشەویستی نێوان شێخ فەرخ و خاتوو ستێ (٢)، جگە لە دەڤەری قەڵادزێ و پشدەر، لە ناوچەکانی موکریان و بەهدینان و شنگال و کوردستانی باکوور و لەنێو کوردەکانی ئەرمینیاش بڵاوبووەتەوە و لە هەر دەڤەرێک دەنگبێژان و حیکایەتخوانان بەشێوەیەک و بە شێوەزاری دەڤەرەکە لەقاڵبیان داوەتەوە و دیارە جیاوازی و زیادی و

کەمیش لە نێوان دەقەکاندا تا هاتووە بەرەبەرە زیادی کردووە، بێ ئەوەی ناوەرۆک و هێڵە گشتییەکانی خۆی لەدەست بدات.

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمدا، کوردناسانی ئەڵمانیا: ئویگین پریم (١٨٤٣-١٩١٣) و ئالبێرت سۆسین (١٨٤٤-١٨٩٩)، ئەم بەسەرهاتە و چەند بەسەرهات و داستان و چیرۆکی دیکەیان لە ناوچەکانی تورعابدین و جزیرەی بۆتان کۆکردەوە و بلاویان کردەوە(٣)، ئۆسکارمان (١٨٦٧-١٩١٧)یش لەسەرەتای سەدەی بیستدا، دەقێکی درێژی ئەم بەسەرهاتەی لە دەڤەری موکریان لە زاری بەیتبێژ ڕەحمان بەکرەوە تۆمارکرد و بلاوی کردەوە(٤)، قادری فەتاحی قازی(١٩٣٥-؟)یش بەیتی ستێ و فەرخ و چەند بەیتێکی دیکەی هاوشێوەی کۆکردووەتەوە و لەگەڵ وەرگێڕراوی فارسی بلاو کردووەتەوە، دواتر هەموو بەرهەمەکانی لە دووتوێی کتێبێکدا بلاوکراوەتەوە بە ناوونیشانی گەنجینەی بەیتی کوردی(٥)، هەروەها حاجی جندی (١٩٠٨-١٩٩٠) دەقێکی کوردەکانی ئەرمینیای بلاوکردەوە(٦)، ئەمەو چەند دەقێکی دی(٧).

ئێمە لێرەدا بەلای ڕەگەزە هونەری و ئەدەبی و ئەفسانەییەکانی ئەم بەسەرهاتە میللییەدا ڕۆناچین و لێکۆڵەرێکی دی کاری لەسەر ئەم لایەنانە کردووە(٨)و وەک کارەکانی دیکەمان تەنیا مەبەستمان لایەنە مێژووییەکەیەتی و هەوڵ دەدەین بەرسڤی ئەم پرسیارە بدەینەوە: ئەرێ ئەم چیرۆکە-بەسەرهاتە ڕاستییەکی بۆ هەیە؟ ئەگەر هەیە بۆ چ سەردەمێک دەگەڕێتەوە؟.

## کورتەی بەسەرهاتەکە

هەرچەندە هێڵە گشتییەکانی بەسەرهاتەکە لە هەموو دەقەکاندا هەر یەکە، بەڵام هەموو ئاماژە و بەڵگە زمانەوانی و جوگرافییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە گۆڕەپانی ڕاستەقینەی چێبوونی، گوندی داوودییە-داودیی ناوچەی پشدەرە کە بە نزیکەی نۆ کیلۆمەترێک دەکەوێتە خوارووی ڕۆژهەڵاتی قەلادزێ و شوێنەوار و گۆڕستانێکی کۆن لە دامێنی گوندەکەوەیە، ئەوە دەسەلمێنن کە ناوەندێکی ئاوەدانیی دێرین بووە(٩)، ئەمەش کورتەی بەسەرهاتەکەیە:

لە گوندێکی، یان شارێک بە ناوی داوودییە لە دەڤەری قەلادزێ کە ئێستاش هەر ماوە، دوو برا دەژین، مام خەلیفە و مامادی-مام هادی، مام خەلیفە کە دوو، یان سێ کچی دەبێت: ناسک و نازدار و ستێ- ئەستێ، مامادیش منداڵی نابێت، دواتر مام هادی کوڕێکی دەبێت، کەچی هەر زگماک منداڵێکی ئاسایی نابێت و ڕموزن دەبێت، گوایە هەر لە لەدایکبوونییەوە هاتووەتەگۆ و ئاخافتووە و زۆر کاری نائاسایی کردووە و چ دوعایەکی کردووە، یەکسەر هاتووەتە دی، بۆیە مام هادی و ژنەکەی زۆر هەوڵ دەدەن بەهەر شێوەیەک بێت لەناوی ببەن و لەکۆڵ خۆیانی بکەنەوە و فڕێی دەدەنە ناو هۆڵی ئەسپ و دەواران تا بکەوێتە ژێر پێیانەوە و پان ببێتەوە، کەچی ئەسپ و دەوارەکان دەوری دەدەن و گەرمی دەکەنەوە تا لە سەرمان نەمرێت، ئەویش دوعادەکات دایک و باوکی بمرن و یەکسەر مردوون، ئینجا ستێی دۆتمامی بەخێوکردنی دەگرێتە ئەستۆ، فەرخیش کە گەورە دەبێت، عەشقی ستێ دەبێت، لەم کاتەدا مام خەلیفە شوانێکی دەبێت، بە ناوی شێخ خالە کەچەڵ کە ئەویش بەڵێن دەدات چەند ساڵ شوانی بۆ بکات بە مەرجێک ئەستێی بداتێ. بە هەر حاڵ، ماوەیەک شوان دەبێت و ستێی دەدەنێ، شێخ فەرخیش زویر دەبێت و بە دڵشکاوی دەگەڕێتەوە بۆ لای خاڵوانی لە شام - دیمەشق، پاش ساڵێک لە گەڕانەوەی، حاکمی شام دەمرێت و باز هەڵدەدەن و لەسەر سەری فەرخ دەنیشێتەوە و دەبێتە شاهی شام، دوای حەوت ساڵ شاهێتی، بیری خاتوو ستێ دەکاتەوە و دەزانێت نەخۆش کەوتووە و بە کۆترێکدا نامەیەکی بۆ دەنێرێت و داوای خواستنی لێدەکات، براکانی خاتوو ئەستێ، ڕازی نابن و دەڵێن ئەمە ژنی شێخ خالە کەچەڵە، دواتر ئەستێ دەمرێت و شێخ فەرخ خۆی دێتە داوودییە و پاش ماوەیەک لەداخاندا ئەویش دەمرێت، بەم شێوەیە بەسەرهاتەکە کۆتایی دێت(١٠).

پێش هەموو شتێک دەبێت ئەوە بڵێین کە بەسەرهاتی فەرخ و ستێ وەک دەیان چیرۆک و داستانی ئەڤینداری و بەسەرهاتی پاڵەوانێتی لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژوویی تۆمارنەکراوە و تەنیا دەماودەم و وەچە بۆ وەچەی گێڕاوەتەوە تا لە سەدەی نۆزدەم گەیشتووەتە دەست کوردناسان و ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپایی و دواتریش دەست توێژەرانی کورد، بێ گومان لەم ماوە دوور و

درێژەدا بەردەوام دەستکاری کراوە و لێی زیاد و کەم کراوە و ئەفسانە و کار و کردەوەی نائاسایی ئاوێتەکراوە و بەزیادەڕۆییەوە گوزاشت لە ڕووداوە ئاسایییەکان کراوە و کار و هەڵسوکەتی نامەنتیقی دراوەتە پاڵ پاڵەوان و کارەکتەرەکان و تا هاتووە لە واقیع و لۆژیک دوورتر خراوەتەوە و شتی نوێی وەک تەلەگرافی تێ ئاخێنراوە(١١)، هاوکات کەوتووەتە ژێر کاریگەریی مەسیحییەت و ئیسلام و شارستانییەتی ڕۆژهەڵات، تەنانەت لە هەندێک دەقدا، غەیب و حەزرەتی جبرئیلیش ئامادەبییان هەیە و ڕۆڵ دەگێڕن، سەرئەنجام لە قاڵبی حیکایەتێکی ئەفسانەئامێزدا خەملیوە و بۆمان ماوەتەوە، دیارە ئەمەش لە سۆنگەی ئەوەوە بووە کە بەیتبێژان و حیکایەتخوانان ڕێگەیان بە خەیاڵی خۆیان داوە و پەرجوو و ئەفسانەیان ئاوێتەکردووە تا بە تامتر و کاریگەرتر بێت و زیاتر سەرەنجی گوێگران بۆ خۆی ڕابکێشێت و ئەوەندە بایەخیان بە لایەنە مێژووییەکەی نەداوە. لەم بارەیەوە ئەحمەد ڕەسووڵ پشدەری دەربارەی بەسەرهاتی شێخ فەرخ و ستێ دەڵێت: "بە باوەڕی من بەیتەکان زۆریان دراوەتە پاڵ و لە ئەندازەی ڕاستی بەدەرن، تەنانەت درۆشی تێکەڵ بووە، کار بەوەشەوە نەوەستاوە و کەلێن و لایەنی ئەوتۆی تێکەڵ بووە، ناوهێنانیان نیشانەی دواکەوتوویی و ژیانی دەوری بەردمان بە باڵا دەبڕێ، هەرچی واقیعییە و ئەوەی بە چاوی خۆم دیومە... بە باوەڕی من شێخ فەرخ هەبووە، بەڵام شێوەی ژیانی و کار و کرداری بەم جۆرە نەبووە کە لە بەیتەکاندا دەدرێنە پاڵی(١٢)، (هێمن)ی شاعیریش لە پێشەکیی (تحفە مظفریە) لە فەرخ و ئەستێ دواوە و دەڵێت: ئەم بەیتە لە کۆمەڵێک چیرۆکی جۆربەجۆر پێکهاتووە کە تێکەڵ کراون و پێکەوە جۆش دراون و ئەم چیرۆکە سەیر و سەمەرەیەیان لێ پەیدا بووە(١٣) و دواتر دەڵێت:بەدوودڵییەوە دەڵێم: وێدەچێ ئەو بەیتە لە ئەساتیری یۆنانی وەرگیرابێ (١٤).

## لێکۆڵینەوە لە ناوەکانی نێو بەسەرهاتەکە

لەگەڵ ئەم ڕاستییەشدا، دەکرێت لە ناوی شوێن و پاڵەوانەکانی ئەم بەسەرهاتە، هەندێک زانیاری مێژوویی دەست بخەین و دواتر لەگەڵ ئەوانەی ناو سەرچاوە مێژووییەکان بەراوردیان بکەین تا سەرەداوێکمان دەست بکەوێت و بزانین بۆکام سەردەم دەگەڕێتەوە و ڕاستییەکەی چۆن بووە. لە بەسەرهاتی (فەرخ و ستێ)دا چەند ناوێک سەرنجمان ڕادەکێشن:

- یەکەم: گوندی داوودییەی گۆڕەپانی بەسەرهاتەکە.
- دووەم: ستێ و شێخ فەرخ، هەردوو پاڵەوانی سەرەکی.
- سێیەم: وڵاتی شام.
- چوارەم: مام خەلیفە.

سەبارەت بە گوندی داوودییە، ئەوەی جێگای سەرنج و ڕامانە لە ناوی ئەم گوندە، ئەوەیە کە ناوێکی ناکوردییە و نامۆیە و هاوشێوەی ناوی زۆربەی گوندەکانی دی ناوچەکە نییە کە هەموو پەیڤی کوردی کۆن و ڕەسەنن، هەرچەند زۆربەیان نازانرێت واتای چییە وەک: هێرۆ، هەڵشۆ، ڕەزگە، مارەدوو، بۆڵی، ئێنزێ، لێوژێ، ئەشکەنە، دارەشمانە و چەندانی دی.

دیارە ئەم گوندە بە ناوی داوود ناوێکەوە ناونراوە کە لە سەردەمی دوای بڵاوبوونەوەی ئیسلام لە ناوچەکە ژیاوە و پێوەندییەکی بە گوندەکەوە هەبووە(١٥).

دەربارەی ناوی ئەستێ -ستێش(١٦)، لەوانەیە پێوەندی بە وشەی (ست)ەوە هەبێت، بە واتای خانم، شۆڕە ژن و ڕەنگە کورتکراوەی (ست الناس)، یان (ست الشام)، یان (ست فاطمة-ست فاتە) و (ست سروە)بێت(١٧) و ئەم چەشنە ناوە لێکدراوانەش لە مێژووی کورددا نامۆ نین(١٨) و خوشکێکی سوڵتان سەلاحەددین ناوی(ست الشام) بوو، لە داستانی ئەڤینداری (مەم وزین)یشدا ستێ ناوی خوشکی زین و خوشکی میر زەینەددینی خاوەندی جەزیرەی بۆتانە و ستێ لە کولتووری میللیی کوردیشدا، هەردەم ناوی ئافرەتی نازدار و شۆخوشەنگ و دلبەری پاڵەوانی داستانەکانە.

جگە لەمە ناوی فەرخیش-فەرخزاد کە ناوێکی باو و دێرینی ئێرانییە و لە شاهنامەدا هاتووە(١٩)، لە سەردەمانی پێشووتری مێژووی ئیسلامدا ناوێکی دەگمەن بووە و زیاتر زادەی سەردەمی ئەیووبییە، فەرخشای کوڕی شاهانشاە (م:٥٧٨ک/١١٨٢ز) برازای سوڵتان سەلاحەددین و یەکێک لە میر و سەرکردە ئازاکانی دەوڵەتی ئەیووبی بوو، شاهانشای باوکیشی لە ساڵی ٥٤٣ک/١١٤٨ز لە بەرەنگاربوونەوەی

خاچهەڵگرەکان لە دیمەشق کوژرا، ئێستاش ئەم ناوە تەنیا لە دەڤەری پشدەر باو و بڵاوە(٢٠).

بە تێگەیشتن و لێکدانەوەی من، ناوی هەردوو پاڵەوان فەرخ و ستێ، سەرەداوێکە و دەکرێت بیکەینە پاڵپشتێکی بەرایی بۆ ئەوەی بەو ئاراستەیە بڕۆین کە ئەم داستانە بۆ سەردەمانی ئەیووبی دەگەڕێتەوە.

گەڕانەوەی شێخ فەرخ بۆ وڵاتی شام، خاڵێکی دی سەرنجڕاکێشە و ناکرێت وا لێکبدرێتەوە کە بە ڕێککەوت و لەخۆوە هاتووە، ئێمە باش دەزانین کە لە سەدەکانی ناوەڕاست و بەتایبەت لە سەردەمی ئەیووبیدا-هەردوو سەدەی ٦-٧ک/١٢-١٣ز، ڕایەڵە و هاتوچۆی نێوان شام و کوردستان چڕ و گەرموگوڕ بوو، بازێڕی دیمەشق جەمەی دەهات لە کوردان، تەنانەت یەکێک لە گۆڕستانەکانی شارەکە بە گۆڕستانی کوردان(مقبرة الاکراد) دەناسرا، چەندان مزگەوت و قوتابخانە و گەرماو و دامودەزگای دی خزمەتگوزاری هەر بە ناوی کەسایەتییە کوردە بنیادنەرەکەیەوە ناونرابوو(٢١)، بە واتایەکی دی پێوەندی شێخ فەرخ بە وڵاتی شامەوە و گەڕانەوە و بوونی بە شاهی شام، ئەو بۆچوونە زیاتر زاڵ دەکات کە ئەو کوردێک بووە و سەر بە ماڵباتی ئەیووبی بووە و لە نیوەی یەکەمی سەدەی ٧ک/١٣ز ژیاوە. لە دەقەکەی بەهدینانیشدا هاتووە کە مام و باوکی شێخ فەرخ ڕوودەکەنە بەغدا و دەچنە زیارەتی مەزاری شێخ عەبدولقادری گەیلانی (م:٥٦١ک/١١٦٦ز) تا خودا کوڕێک-فەرخیان پێ ببەخشێت(٢٢).

لێرەدا پێویستە بکەوینە سۆراخ و گەڕان بەناو مێژووی ئەیووبیدا، تا بزانین چ ڕووداوێک هەیە ئەیووبییەکان بە دەڤەری پشدەر ببەستێتەوە و نزیکایەتی و تێکەڵی لە نێوانیان بهێنێتەکایەوە.

(مظفرالدین گوگبوری) کە بۆ نزیکەی نیو سەدە (٥٨٦-٦٣٠ک/ ١١٩٠-١٢٣٢ز) فەرمانڕەوای هەولێر و شارەزوور و گەرمیان بوو، زاوای ئەیووبییەکان بوو و هاوژینەکەی ڕەبیعە خاتوونی خوشکی سوڵتان سەلاحەددین بوو و تەنیا دوو کچی هەبوو و دەترسا پاش مردنی، ئەتابەگ و حاکمی مووسڵ (بەدرەددین لۆلۆ) کە دوژمنی سەرسەختی بوو و چاوی بڕیبووە موڵک و ماڵی، دەستدرێژی بکاتە سەر هەولێر و داگیری بکات.

ئەو کە دڵسۆز و لایەنگری ئەیووبییەکان بوو، زۆر حەزی دەکرد ئەندامێکی بنەماڵەی ئەیووبیی خەزوورانی بهێنێتە هەولێر و وەک کوڕی خۆی پەروەردە و بەخێوی بکات، تا پاش مردنی جێگای کوڕنەبێتەوە و درێژە بە دەسەڵاتی بدات، بۆ ئەم مەبەستە داوای لە ئەیووبییەکان کرد، کوڕێکی خۆیان بنێرنە خزمەتی، ئەوەبوو (الملک المعظم) عیسای کوڕی (الملک العادل) کە دەبێتە برازای سوڵتان سەلاحەددین، بەدەنگییەوە هات و لە ساڵی ٦٢٢ک/١٢٢٥ز کوڕێکی هەرزەکاری خۆی بە ناوی (داود) ڕەوانەی هەولێر کرد(٢٣)، گوگبوریش پێشوازی لەم میرزادە ئەیووبییە کرد و لە هەولێر نیشتەجێی کرد و هەردوو دەڤەری پشدەر و ڕانیەی بۆ دابڕی و وەک ئیقتاع پێی بەخشی.

خاوەندی کتێبی (تاریخ دولة الاکراد) کە وا دیارە خەڵکی هەولێر بووە و زانیاریی وردی لەسەر دەوڵەتی ئەیووبی بەدەستەوە داوە، دەڵێت گوگبوری ڕانیە و پشدەری بۆ میرزادە داوود دابڕی(٢٤). من وای بۆ دەچم ئەم میرزادە ئەیووبییە داوود ناوە، دەمێک هاتووەتە دەڤەری پشدەر، گوندی داوودییە جێگاو ڕێگای مانەوەی بووە، بۆیە بە(داوودییە) ناوزەد کراوە.

لە بەسەرهاتەکەدا هاتووە شێخ فەرخ دەڕەنجێت و بڕیار دەدات ڕووبکاتە شام بۆ لای خاڵوانی و ماوەیەکی پێناچێت شاهی میسر و شام دەمرێت و شێخ فەرخ شوێنی دەگرێتەوە و حەوت ساڵ حوکمڕانی دەکات، ئەم زانیارییانە تا ڕادەیەک بەسەر میر داوودی ئەیووبی کە دواتر بە (الملک الناصر)ناسرا جێبەجێ دەبێت و لە سەرچاوەکانیشدا ئەو ڕاستییە پشتڕاست کراوەتەوە کە پاش دوو ساڵ (الملک الناصر داود)، هەولێری بەجێهێشت و بۆ دیمەشق گەڕایەوە، بێ ئەوەی باسی هۆکاری ئەم گەڕانەوە چاوەڕوان نەکراوەی بکەن، ئەوەبوو پاش ساڵێک لە گەڕانەوەی، (الملک المعظم)ی باوکی مرد و ئەم لە شوێنی بووە شاهی دیمەشق و تا حەوت هەشت ساڵی لە پۆستەکەی مایەوە (٢٥).

دەپرسین، میرزادەیەکی ئەیووبی کە ئەوەندە لە هەولێر پێشوازی لێ کرا و ڕێزی لێ گیرا و دەڤەری ڕانیە و پشدەری پێشکەش کرا تا ببێتە موڵکی، دەبێ لەپای چی دەستبەرداری ئەم ئیمتیازاتانە بووبێت و گەڕابێتەوە دیمەشق، ئەگەر تووشی دۆخێکی نا ئاسایی نەبووبێت؟.

(الملک الناصر داود) لە ماوەی شاهێتیدا، هەردەم لەلایەن مامەکان و ئامۆزاکانییەوە دژایەتی دەکرا و دووچاری ئاستەنگ و ئاریشە دەبوو، بۆیە ناچار بڕیاردەدات لە ساڵی ٦٣٣ک/١٢٣٥ز بگەڕێتەوە بۆ بەغدا و ماوەیەک لە بەغدا دەمێنێتەوە و پەیامێک بۆ خەلیفە دەنێرێت تا پێشوازی بکات و داڵدەی بدات، کەچی خەلیفە نەبادا شاهەکانی ئەیووبی لە شام لێی بڕەنجێن، ئامادە نەبوو پێشوازی لێ بکات، لە بەسەرهاتەکەشدا هاتووە شێخ فەرخ گەڕاوەتەوە بۆ لای مام خەلیفە، ڕەنگە مەبەست لە مام خەلیفەی باوکی (ستێ)یش، هەر خەلیفەی عەباسی، یان (مظفرالدین گوگبوری) بێت کە ئەویش تەنیا دوو کچی هەبوو و هیچ کوڕی نەبوو.

سەرباری ئەمانە، وا هاتووە کە شێخ فەرخ وەک مرۆڤێکی نائاسایی، کەراماتی هەبووەو هەر شتێکی ویستووە بۆی جێبەجێ کراوە و دوعای لە هەر کەسێک کردبێت مردووە و گەلێک کاری ئەفسانەیی خراوەتە پاڵ، دەبینین (الملک الناصر داود)یش ئەم شتانەی تێدابووە و سەرچاوەکان دەڵێن شارەزایی تەواوی لە ئەستێرەناسی هەبووە و کتێبی ئیقلیدیسی (٢٦) خوێندووەتەوە دەربارەی ئەندازە و گەردوونزانی، هاوکات کەسایەتییەکی سەرکەوتوو نەبووە لە ڕووی سیاسییەوە، بەڵکو تا بڵێی لاواز بووەو هەردەم دەبووە خاڵی ناکۆکی نێوان میرانی بنەماڵەی ئەیووبی و بەردەوام لە کێشەو گرفتدابوو، تا لە ساڵی ٦٥٦ک/١٢٥٨ز بە نەخۆشی تاعوون- لاڕەشە مرد.

ئەوەی شایانی باسە ئەو سەرچاوانەی ژیاننامەی (الملک الناصر) داوودیان تۆمارکردووە بە هیچ شێوەیەک باسی ئەوەیان نەکردووە کە ئەم هاتووەتە کوردستان و لە ناوچەی پشدەر ئیقتاعی هەبووە، جگە لە مێژوونووسی خاوەندی (تاریخ دولة الاکراد)، بەڵام هەموو کۆکن لەسەر ئەوەی کە مرۆڤێکی نائاسایی بووە و بەردەوام لە کێشە و گرفتدا بووە.

## ئەنجام

هەرچەند بەڵگە و ئاماژەکان بایی ئەوە ناکەن ئەم پرسەیان بەیەکجاری پێ یەکلابکرێتەوە، بەڵام هاوکات لێکچوون و نزیکی نێوان سەرگوزشتەی شێخ فەرخ بە شێوە میللی و فۆلکلۆرییەکەی و سەربوردەی (الملک الناصر داود)ی ئەیووبی، ناکرێت بەهەند وەرنەگیرێت و بە ڕێککەوت دابنرێت و من لەو بڕوایەدام - چ نەبێت تا ئێستا - نزیکترین و شیاوترین ڕووداوە ئەوە هەڵبگرێت کە بکرێتە بناغە بۆ چیرۆکی ئەڤینداری فەرخ و ستێ.

ئەگەر ئاوەهای دابنێین، ئەوە دەڵێین کە داوودی کوڕی (الملک المعظم) عیسای ئەیووبی پاڵەوانی بەسەرهاتەکە بووە و بە نۆلاوی و هەرزەکاری هاتووەتە هەولێر و (مظفرالدین گوگبوری) ویستوویەتی وەک کوڕێکی خۆی لە خۆی بگرێت و بیکاتە جێنشینی خۆی و دەڤەری ڕانیە و پشدەریشی بۆ دابڕیوە، دیارە لە دێی داوودییە- یان لە هەولێر- تووشی حاڵەتێکی ئەڤینداری بووە لەگەڵ کچێک کە بە ستێ ناوزەدکراوە و ڕەنگە هەر کچێکی گۆگبوری بێت، بەڵام پاش ئەوەی بە ئاوات نەگەیشتووە، دڵی ڕەنجاوە و هەناسە سارد لە ساڵی ٦٢٤ک/١٢٢٧ز بۆ دیمەشق گەڕاوەتەوە.

بەو پێیەی لە بنەماڵەی شایەکانی ئەیووبی بووە کە لەناو کورددا ڕێزدار و خۆشەویست بوون، بەسەرهات و سەربوردەی لە خەیاڵدانی پشدەرییەکاندا لەبیر نەکراوە و دەماودەم باس کراوە تا بە ناوچەکانی دیکەی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە، بەڵام بە چەشنی سەرجەم بەرهەمی کەلەپووری میللی کوردی، بەرەبەرە ڕووداو و سیناریۆی بۆ زیادکراوە و تێکەڵ بە ئەفسانە کراوە و زۆر کار و کردەوەی خورافی خراوەتە پاڵ شێخ فەرخ کە عەقڵ نایانبڕێت و لە مرۆڤی ئاسایی ناوەشێتەوە، ئەمەش بۆ ئەوە بووە تا زیاتر کار لە گوێگر بکات و ببێتە داستان.

**پەراوێزەکان:**

(١) فەرخ و ستێ تێکەڵە لە حیکایەت و بەیت و داستان و چیرۆک و لاوک و ئەفسانە، بڕوانە: ڕێبوار حەمە تۆفیق، شێخ فەرەخ و خاتوون ئەستێ، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و بەراوردکردن، ئەنستیتوتی کەلەپووری کورد(سلێمانی: ٢٠١٣)، ل١٧-١٨.

(٢) دوو کتێبی فارسی هەن بە ناوی (فرخنامە)، یەکێکیان (ابو بکر مطهر جمالی یزدی) لە سەدەی٦ک/١٢ز دایناوە و ئەوەی دیکەیان (سنجر کاشانی) لە سەدەی حەڤدەم دایناوە و باوەڕناکەم هیچیان پێوەندییان بە بەسەرهاتی شێخ فەرخەوە هەبێت، بڕوانە: محمد شریفی، فرهنگ وأدبیات فارسی،

إنتشارات معين (تهران: ۱۳۹۱)، ص۱۰۷۷.

(۳)۳ بڕوانە: ئویگێن پریم و ئالبێرت سۆسین، ڤێکێخستوکێت کوردی، ڤەکۆلین و بەرهەڤکرن سەعید دیرەشی، چاپخانا پاریزگەها دهۆکێ (دهۆک: ۲۰۱۳)، ل۲٤۸ - ۲۵۸.

(٤) تحفه مظفریه - سالی ۱۹۰۵، ل٤۷۲-٥۷٤.

(٥) سەرجەم بەرهەمەکانی قادر فەتاحی قازی، دەزگای ئاراس (هەولێر: ۲۰۰۷)، ل ٦۳٥- ٦۸۰.

(٦) حەجیێ جندی، حیکایەتێد جمعەتا کوردا، دەزگای سپیریز (دهۆک: ۲۰۰٦)، ل ۱۹۳-۲۰۳.

(۷) صادق بهاء الدين ئامێدی، ژ فۆلکلۆری کوردی، دەزگای ئاراس (هەولێر: ۲۰۰۲)، ل۳۹-٦۲، زیاد محەمەد ئەمین، مامان برازا بزرکرد، خاڵان خوارزا مەزن کرد، ئەنستیوتوی کەلەپووری کورد (سلێمانی: ۲۰۰۸)، ل٥۸-۱۱٤، ڕێبوار حەمە تۆفیق، شێخ فەرەخ و خاتوون ئەستی، ل۲۳-۲٥.

(۸) بڕوانە: ڕێبوار حەمە تۆفیق، شێخ فەرەخ و خاتوون ئەستی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و بەراوردکردن، ئەنستیوتوی کەلەپووری کورد (سلێمانی: ۲۰۱۳)، ۲۱۸ل.

(۹) زیاد محەمەد ئەمین، مامان برازا بزرکرد، ....، ل٥۸.

(۱۰) تحفه مظفریه، ل٤۷۲-٥۷٤.

(۱۱) تحفه مظفریه، ل٥٥۹.

(۱۲) پێشەکی تحفه مظفریه، ل۱۷٥-۱۷٦.

(۱۳) پێشەکی تحفه مظفریه، ل۱۰۳.

(۱٤) پێشەکی تحفه مظفریه، ل۱۱۸.

(۱٥) گوندێکی دی هەیە بەناوی داوودییە لەسەر جادەی نێوان هەردوو ناحیەی مانگێش و بامەڕنی و دانیشتوانەکەی هەموو مەسیحین و ڕۆژی ۸-۱۲-۲۰۱۷ سەردانیم کرد.

(۱٦) ستێ ڕاستترە نەک ئەستێ و لە مەم و زین و زۆربەی دەقەکانی بەسەرهاتەکەش هەر ستێ هاتووە و ئێستاش هەر ستێ بەکاردێت.

(۱۷) لێکدانەوەی دی بێ بەڵگەش بۆ ئەم ناوە کراوە، بڕوانە: ڕێبوار حەمە تۆفیق، شێخ فەرەخ و خاتوون ئەستی، ل ۲۸- ۳۰.

(۱۸) بڕوانە: الفارقي، تاريخ ميافارقين (تاريخ الفارقي)، دار نوبهار (استانبول: ۲۰۱٤)، ص٤٥۹، ٥٦۲، ٥۳٥ -٥۳٦.

(۱۹) بڕوانە: محمد شریفی، فرهنگ وأدبيات فارسی، ص۱۰۷٥-۱۰۷٦.

(۲۰) لە بەرنامەیەکی کەناڵی ئاسمانی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان تایبەت بەم بەسەرهاتە، بەڕێوبەری باری شارستانی قەڵادزێ گوتی: دووسەد فەرخ-فەرخە، ناو لە ناوچەکە هەن.

(۲۱) بڕوانە کتێبەکەم: چەند لێکۆڵینەوەیەک دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی (هەولێر: ۲۰۰۸)، ل۱۷۲-۱۸٤.

(۲۲) صادق بهاء الدين ئامێدی، ژ فۆلکلۆری کوردی، ل۳۹.

(۲۳) ابن نظيف الحموي التاريخ المنصوري، ص ۸۹.

(۲٤) تاريخ دولة الاكراد، ص ۳٥۲-۳٥۳، ٥۲۹.

(۲٥) التاريخ المنصوري، ص۱۰۱.

(۲٦) کتێبی ئیقلیدیس (أصول إقليدس)، یان (عناصر إقليدس): کتێبێکی ناودارە لای زانایانی موسڵمان و دەربارەی ئەندازە و ماتماتیک و گەردووناسییە، زانا و ئەندازیاری گریکی ئیقلیدیس لە سەدەی سێیەمی پێش زایین دایناوە.


**سەرچاوەکان:**

**- ئوسکارمان، تحفەی مظفریە، پێشەکی و ساغکردنەوەی هێمن موکریانی، لە چاپکراوەکانی کۆڕی زانیاری کورد (بەغدا: ۱۹۷٥).**

**- ڕێبوار حەمە تۆفیق، شێخ فەرخ و خاتوون ئەستی، لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوە و بەراوردکردن، ئەنستیوتوی کەلەپووری کورد (سلێمانی: ۲۰۱۳).**

**- زیاد محەمەد ئەمین، مامان برازا بزرکرد، خاڵان خوارزا مەزن کرد، ئەنستیوتوی کەلەپووری کورد (سلێمانی: ۲۰۰۸).**

**- سەرجەم بەرهەمەکانی قادر فەتاحی قازی، دەزگای ئاراس(هەولێر: ۲۰۰۷).**

**- صادق بهاءالدين ئامێدی، ژ فۆلکلۆری کوردی، دەزگای ئاراس (هەولێر: ۲۰۰۲).**

**- مؤلف مجهول (القرن ۷هـ / ۱۳م).**

**- تاريخ دولة الاكراد، تحقيق د.موسى مصطفى الهسنياني، منشورات جامعة دهوك (دهوك: ۲۰۱۰).**

**- ابن نظيف الحموي، محمد بن على (ت في حدود ٦٤۰هـ/۱۲٤۲م).**

**- التاريخ المنصوري، تحقيق ابو العيد دودو، مطبعة الحجاز (دمشق: ۱۹۸۱).**